# هەڵسەنگاندنی پەرتوکی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (نۆیەمی) بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

**هێژا عبدالله حمد**

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان- عێراق.

**پوختە:-** ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پەرتوکی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی (٩) بنەڕەتی. هەڵسەنگاندنی پەرتوکی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی رەگەزی (نێر و مێ) و پەروەردەی (رۆژهەڵات ورۆژئاوا) و شیکردنەوە و هەڵسەنکاندن بەپێی ناوەندە شیاو و کێشی سەدی، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەش توێژەر میتۆدی وەسفی پەسنی بەکارهێناوە. ئامرازەی توێژینەوەکە دیاریکردنی پێوەریەك بۆ پەرتوکی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان کە بریتي بوو لە(55) لەپاش دلنیابوون لەڕاستی و جێگری پێوەرەکە، بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا، کەنموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو (١٧٢)مامۆستا، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئامار و داتا و زانیارییە کۆکراوەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، توێژەر پرۆگرامی (spss)ی بەکارهێناوە بۆ داتاکان و ناوەندە شیاو و کێشی سەدی دەرهێناوە بۆ دیاریکردنی بەهێزی و لاوازی پێوەرەکە.

**کلیلە ووشەکان:** هەڵسەنگاندن، کتێب، لێهاتوویی، هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی هەموو بەهاکان، پۆلی نۆیەم.

## یەکەم
## ناساندنی توێژینەوە

### ١-١. کێشەی توێژینەوە:

ئاشکرایە پەرتووکەکانی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی ،بایەخێکی زۆریان پێدراوە لە لایەن هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، بەتایبەتی لە لایەن دانەری پەرتووکەکانی خوێندن و توێژەران و مامۆستایانی زانکۆ و خوێنکارانی خوێندنی باڵا. لەم رووە دەبینین وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەریمی کوردستانی عیراقی فیدرال ،لە هەوڵی ئەوەدایە گۆرانکاری بنەرەتی لە سیستمی پەروەردەدا بکات تاوەکو پرۆسەی پەروەردە لە سەرجەم رووەکانەوە لەئاستی گۆرانکاری دابیت, کە لە کوردستان و عیراق و جیهاندا رویانداوە ، بۆ ئەوەی بتوانیت وەڵامی پێداویستی و داواکاریەکانی تاك و کۆمەل بداتەوە ، بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەی پەروەردەی لە (مایس2007) دا گرێداو کۆمەڵیك گۆرانکاری لە سیستمی پەروەردی کوردستاندا ئەنجامدا، لە راپۆرتی کۆتایی کۆنگرەدا ئاماژە کراوە بەوەی کە پرۆگرامەکان بەشیوەیەکی گشتی کەم وکورتیان تێدایە، بۆیە پێوستە کاریان بۆ بکریت (راپۆرتی کۆنگرەی پەروەردەی ،2007:464) .هەروەها لە توێژینەوەکی راوەرگریدا کە وەزارەتی پەروەردە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا ئەنجامیداوە ،لە وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکاندا هاتووە (ئایا ناوەرۆکی پەرتووکەکان لەگەل ئاستی تۆدا دەگونجێن؟) ،هەروەها لە راسپاردەی توێژینەوەکە دا هاتووە دەبێت چاو خشاندنەوە بە پرۆگرامی خوێندن و کتێبەکاندا بکرێت و دەربارەی شێوەی کتێب و ناوەرۆکەکەی پاش لێکۆلینەوەی تێروتەسەل (ماملیس ،4:2009).

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

- ئایا تا چەند پەرتوکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان بۆ خوێندکاران گۆنجاوە؟

### ١-٢. گرنگی توێژینەوە:

گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەی ئیستا لەم خاڵانەی لا خوارەوە پوخت دەبێتەوە:

١ -گرنگە بۆ وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوبەرایەتیەکان لە هەرێمی کوردستاندا ، بەتایبەتی ئەوانەی بەرپرسن لە دانانی پەرتووك بۆ بابەتەکانی خوێندن لە خوێندنگە بنەرەتیەکان بە پێی پۆلەکان ، لەرێگەی هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە شێوازی دانانی کتێبەکان بەسود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

٢-گرنگە بۆ خوێندکارانی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی ،ئەگەر هاتوو لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم هەستن بە چاککردنی پێکهاتەکانی پەرتووکەکە بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئیستا، چونکە کاتیك پەرتووکە بە کوالێتیەکی چاك و سەرنج راکێش دابنریت ئەوا حەز وئارەزوو وپاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران بۆ بابەتەکانی پەرتووکەکە زیاد دەکات و باشتر لە بابەتەکە تێدەگەن.

٣ -گرنگە بۆ مامۆستایانی بابەتەکە، وەك ئاسانکارییەك بۆ وتنەوەی وانەکە ، چونکە تا ناوەرۆك و چالاکی و راهێنان و وێنە و نەخشەکانی ناو پەرتووکەکە سادە و ساکار و روون وسەرنج راکێشن بن ، خوێندکاران باشتر لە بابەتەکان تێدەگەن

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 10، العدد 1(2024) ؛ عدد الصفحات (12)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n1y2024.pp105-116
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 13 تشرين الثاني 2023؛ قُبل في 13 كانون الاول 2023؛ نُشرت في 15 شباط 2024؛
البريد الإلكتروني للمؤلف :hezha.hamad@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © هێژا عبدالله حمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

،مامۆستایانیش لە کاتی وتنەوەی وانەکە کەمتر ماندوو دەبێت لە ڕونکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکەدا.

٤- گرنگە بۆ کتێبخانەی زانستی کوردی لە ڕێگای دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەکانی بە سەرچاوەیەکی زانستی نوێ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا .

### ١-٣. ئامانجی توێژینەوەکە :

١-زانینی ئاستی پەرتوکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە لە پارێزگای سلێمانیدا بەشێوەیەکی گشتی.

٢-زانینی ئاستی پەرتوکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە، بەپێی أ-گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ) ب-پەروەردەی(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

٣- هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێوەری پەرتوکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەپێی ناوەندە شیاو و کێشی سەدي لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.

### ١-٤. سنوری توێژینەوە:

سنوری بابەتی: کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی (٩)ی بنەڕەتی لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە

سنوری مرۆیی: مامۆستایانی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (٩)ی بنەڕەتی.

سنوری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).

سنوری شوێن: خوێندنگەکانی پارێزگای سلێمانی لەهەرێمی کوردستانی عێراق.

### چەمکەکان:-

***هەڵسەنگاندن:**

موحەمەد، ٢٠٠٩ : کرداری هەڵسەنگاندن بەبنەمایەك دادەنرێت بۆ بڕیارە پەروەردەییە دروستەکان لەپێناو بەرەوباش بردن وپێشخستنی پرۆسەی پەروەردەییدا بەجۆرێك ئامانجە دانراوەکان بەدیبهێنێت. ئەمەش نایاتە دی، ئەگەر هەڵسەنگاندنەکە گشتگیر نەبێت بۆ سەرجەم ئەنجامەکانی پرۆسەی خوێندن . پێویستە هەڵسەنگاندن فراوانبێت، (موحەمەد، ٢٠٠٩ :١٩).

***پەرتووك (کتێب)**

(دبور:٢٠٠١) پێناسەی کتێبی خوێندنگەی کردوە و دەڵێت: ئەو کتێبەیە کە بە شێوازێکی ڕێکخراو بابەتی هەڵبژێدراوی تێدا دەخرێتەڕوو لە باسێکی دیاریکراودا، کە بەشێك پێکدەهێنێت لەپرۆگرامی گشتی ئەو بابەتە. (دبور، 2001:٢١).

***کارامەیی- :**

بابان، ٢٠٢٢: بریتیە لەو توانایەی لە ڕێی ڕاهێنانەوە بە دەست دێت یان توانای دۆزینەوەی چارەسەری -گرفتەکان یان ئەو توانا بەدەست هاتوەیە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامە وویستوەکان بە کەمترین کۆشش و کات تەرخان کردن (بابان، ٢٠٢٢: ٩).

***بەهای پەروەردەیی:**

پەروەدە لە بنچینەدا پرۆسەیەکی بەهاییە و ئامانجەکە گەشەپێکردنی تاك و گروپە بۆ ئاستێکی بەرزتری کامڵبوون وپێگەشتن و ڕۆشنبیرکردنی بەردەوام و نەپچڕاوە ( لطفی ،1983: 44).

***بەهای کۆمەڵایەتی:**

بریتیە لە ڕێکخستنی بڕیارە هزری و هەڵچوێنەکان بەرامبەر کەسەکان و وشەکان و مانا و لایەنەکانی چالاکی گشتێنراو(شحاته ونجار ، ٢٠٠٣: 17).

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢-١:-هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندنی کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان

بەو پێیەی ڕێگەیەکی ئاسانەو کاتی کەمی پێویستە چەندین پێوەری زانستی هەن بۆ پێوانەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان، کە بەزۆری پێکهاتەیەکی بنەڕەتی پێکهاتەکانی پێکدەهێنن، وەک ئەو پێوەرەی کە لەلایەن ماتسۆن و هاوکارانی لە ساڵی 1983 ئامادەکرابوو بە ناونیشانی "هەڵسەنگاندنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکانی ماتسۆن بۆ گەنجان، کە سەرنجی خستبووە سەر کۆمەڵێک شێوازی ڕەفتاری زارەکی و نازارەکی کە گرنگی بە گونجاوی کەسایەتی منداڵ دەدا، هەروەها پێوەرەکەی ڕیگیۆ 1989، کە گرنگی بە پێوانەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان گشتی تاکی پێکەیشتوو دەدا.

هەروەها بێلاک و ئەوانی تر چوار شێوازیان بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان دەستنیشان کرد، کە بریتین لە:

1 -چاوپێکەوتن 2- تێبینیکردن 3- لیستی پشکنین 4- چاودێریکردنی ڕەفتار

ڕەنگە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بەکاربهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان بە بەکارهێنانی کاغەز و قەڵەم بۆ کورتکردنەوەی هەندێک بڕیار سەبارەت بە خوێندکار لەلایەن مامۆستا یان دایک و باوکەوە، ئەم شێوازە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتانە بەکاردەهێنرێت کە ناتوانرێت بە ئاسانی چاودێری بکرێت.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوانەی پێشوودا، ڕوونە کە هەڵبژاردنی ئەو ئامرازەی بەکاردەهێنرێت بەندە بە سروشتی ئەو ڕەفتارەی کە هەڵدەسەنگێندرێت یان کێ ئەو ڕەفتارە ئەنجام دەدات؟ ئاستی گەشەی خوێندکاران و کارامەیی لە خوێندنەوە و نووسین دا.

کەواتە پرۆسەی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان یەکێکە لە پرۆسە پێویست و گرنگەکان و ئەنجام و زانیاری گرنگ بەدەست دەهێنێرێت کە دەتوانرێت لە بڕیاردانی پەروەردەییدا بەکاربهێنرێت

بەگشتی دوو شێواز هەیە بۆ پێوانەکردنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان:

1 -پێوانەکردنی فەرمی: یان ئەوەی پێیدەوترێت ستانداردی ئاماژە، پێویستی بە بەکارهێنانی لیست و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ڕەفتار هەیە. تێیدا هەندێک جۆری ئامراز بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە پێوەرەکانی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ڕەفتاری گونجاندن، پێوەرەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی وایلاند، پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان و پێوەرەکانی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان ڕیگیۆ.

2 -پێوانەکردنی نافەرمی: وەك هەڵسەنگاندنی مامۆستا، پێوانەکردنی هاوپۆلی، چاودێریکردن، هەڵسەنگاندنی خودی چاوپێکەوتن، هەڵسەنگاندنی دایك و باوك، وەك لەم خالانەی لای خوارەوەڕونکراونەتەوە.

**أ-** هەڵسەنگاندنی مامۆستایان: کە لە ڕێگەیەوە داوا لە مامۆستایان دەکرێت خەملاندنی تایبەت بدەن لەسەر ئاستی ئەدای کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان لای خوێندکاران.

ب- هەڵسەنگاندنی هاوتەمەنەکان: کەلە ڕێگەیەوە داوا لە هاوتەمەنەکان دەکرێت باشترین یان خراپترین هاوڕێیان دیاری بکەن لە ڕووی مامەڵەکردن و تێگەیشتن لەگەڵیان.

ت- شێوازی چاوپێکەوتن: کە لە ڕێگەیەوە زانیاری پێویست سەبارەت بە ئەدای کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە لە خوێندکاران کۆدەکرێتەوە، لەوانەش ئاڵوگۆڕی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر . بۆچونیان سەبارەت بە کەسانی تر، هەروەها دەتوانرێت فراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆی ڕۆژانە لەگەڵ خوێندکار بکرێتەوە،

ث- شێوازی هەڵسەنگاندنی خودی : کە تێیدا پێویستە تاکەکان ڕاپۆرتێکی خۆیان پێشکەش بکەن لەسەر کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان خۆیان لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا، کە تیایدا خوێندکار ئەو سیفەتانە دیاری دەکات بەسەریدا دەگونجێت بە پشتبەستن بە زانینی خۆی لەبارەی خۆیەوە، بۆ نموونە: (هاوڕێی زۆرم هەیە، زوو توڕە دەبم، یان دەتوانم کاری قورس ئەنجام بدەم.

ج- هەڵسەنگاندنی دایک و باوک: کە لە ڕێگەیەوە داوا لە دایک و باوک دەکرێت خەملاندنی تایبەت لەسەر ئاستی ئەدای کارامەییە کۆمەڵایەتیەکانی مندالەکانیان بدەن.

چاودێریکردن : ڕەفتاری خوێندکار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چاودێری دەکرێت، بە ڕێکارەکان پێناسە دەکرێت، چاودێر (مامۆستا، توێژەری کۆمەڵایەتی، دەروونناس...هتد) کە تێیدا مامەڵە لەگەڵ لیستێك لە ڕەفتار و کارامەیی، یان پێوەرەکانی نمرەکان دەکرێت .(الجاغوب، 2002: 231)

## ٢-٢. پەرتووکی خوێندنگە

کتێبی خوێندنگە یەکێکە لەسەرچاوە گرنگ و یاریدەدەرەکانی پرۆسەی فێرکردن و ئامانجە گشتیەکانی، گرنگیەکی پڕبایەخی هەیە، چونکە لەبەهێزترین هۆیەکانی پێکهێنانی عەقڵی خوێندکار و بەدیهێنەری چەمکە ڕاستەکانە، ئامرازێکی نموونەییە بۆ یارمەتی دانی خوێندکار و پێکهێنانی تواناکانی و پەرەپێدانی بەهرەکانی و زۆرکردنی زانیارییەکانی، جگە لەمانەش پێدانی هۆشیاری و ڕەفتاری باش و جوان و دەستخستنی زانیاری و کارامەییە جیاوازەکان و گەشەدان بە بۆچوونە ڕەفتاری یە دروستەکان. (الكبيسي، 2006:83 )

(ساموك) لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەو دەفرەیە، کە ئەزموون و شارەزاییە ناڕاستەوخۆکان لەخۆدەگرێت (لەبەرئەوەی بەشێوازی نوسراو یا وێنەکێشراوە) ، بەشداری دەکات لەوەی، کە خوێندکار بتوانێت ئامانجەکانی پرۆگرام بەدەست بهێنێت. (ساموك، 2005: 153)

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کتێبی خوێندن ڕۆڵی فێرکردن و فێربوونی بنەڕەتی دەنوێنێت لە پەروەردەکردنی لاواندا و بەهایەکی پەروەردەیی بەرزی هەیە، پێویستە بەوردی دابڕێژرێت لەڕووی هەڵبژاردنی ناوەڕۆك و ڕێکخستنی شارەزایی و پسپۆڕییەکانی فێرکردن و دەرهێنانی رووکار و ناوەڕۆکی، بگونجێت لەگەڵ بنەما زانستی و دەروونی و پەروەردەیی و هونەری و تەکنیکی و زانیارییەکانی دا، تاکو ئامرازێکی کارابێت و پرۆسەی فێربوون بۆ خوێندکاران ئاسان بکات، بەشداربێت لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان کە ئاراستەدەکرێن بۆ بنیاتنانی مرۆڤێکی گونجاو لەگەڵ پێشهاتەکاندا، کە هەڵدەستێت بە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی دروست، بەشداردەبێت لە بنیاتنانی نیشتماندا، ڕێز لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەگرێت. ( الخوالده، 2004: 300)

سەرباری ئەم گرنگیەی، لە سێبەری پەروەردەی نوێدا کتێبی خوێندنگە یەکێکە لەسەرچاوەکانی فێرکردن، بۆیە پرۆسەی پەروەردەیی متانەی کردۆتە سەر کۆمەڵێك کۆڵەکە لەوانە : پرۆگرام، کتێب، مامۆستا، خوێندکار، دەستەی بەڕێوەبردن، ژینگەی گشتی، کە کرداری پەروەردەی تێدا ئەنجامدەدرێت، کتێبی خوێندنگە دادەنرێت بە شوێنی پێکگەیشتنی ئەم ڕەگەزانە و تەوەری بنەڕەتی.

## ٢-٣ :کارامەیی بەهاکۆمەڵایەتیەکان

### ٢-٣-١ : چەمکی کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان

کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان، دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکیەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵناسی وورد (Micro Socilogy) پێکهاتەیەکە لە مەعریفە و ئاکاری تاک، کە بەئامرازی مامەڵەکردن، بەریەککەوتن و کارلێک دادەنرێت لەنێو کۆمەڵگەدا، لەڕێگەیەوە رایەڵەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بوونیاد دەنرێت، بەو مانایەی بە ڕایەڵەی نێوان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنیەتی ئەو کارلێکە دادەنرێت، کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن. دەرئەنجامی پیادەکردنی ئەو مەعریفە و ئاکارانە، تاک هەڵسەنگاندنی ئەرێنی، یان نەرێنی لە کۆمەڵگەدا بەدەست دێنێت. هەروەها فاکتەرێکی زۆر گرنگە، لەڕێیەوە کۆمەڵگە بڕیاری ئەرێنی، یان نەرێنی لەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ئەو تاکە دەدات. (عبدالسلام،2001: )

کەواتە کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان پێکهاتەیەکی ئاکاری گرنگی تاکە، ئاستی سەرکەوتوویی تاک، لە مامەڵەی ڕۆژانەی لەگەڵ تاکەکانی تری نێو کۆمەڵگە دیاری دەکات. ئەو شێوە مامەڵەیەی نابێتە هۆی ئازاری جەستەیی، یان دەروونی ئەوانی دیکە. (بابان و نوری ، 2020: 12)

### ٢-٣-٢: توێژینەوەکانی پێشوو:

**خشتەی (١)**

**توێژینەوەی یەکەم**

| | |
|---|---|
| ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی بابەتی ڕیزمانی کوردی لەقۆناغی ناوەندی لەناوچەی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی لەتێڕوانینی مامۆستایانەوە |
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | خەلیفانی: ١٩٨٧، عیراق |
| ئامانجی توێژینەوە | زانینی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بابەتی ڕیزمانی کوردی لەقۆناغی ناوەندی و پێشنیارەکانیان بۆ چارەسەرکردن |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | ٢٨٠مامۆستا |
| نموونەی توێژینەوە | ١٢٠مامۆستا |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | هاوکێشەی پێرسۆن و ناوەندە شیاو و کایسکوێر |
| گرنگرین دەرئەنجامی توێژینەوە | کتێبی پۆلی یەك ئامانجی بەدەستهێناوە و کتێبی پۆلی دوو تەنها سێ ئامانجی بەدەستهێناوە و کتێبی پۆلی سێ پێنج ئامانجی بەدەستهێناوە، هەروەها ئاسانی لەزمانی بابەتەکە هەیە ولاوازی لەجۆراوجۆری و گشتگیری نموونەی بابەتەکەدا هەیە. |

**خشتەی (٢)**

**توێژینەوەی دووەم**

| ناونیشانی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لەروانگەی مامۆستایانەوە |
|---|---|
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | علاوی : ٢٠١٥، عیراق |
| ئامانجی توێژینەوە | -هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لەروانگەی مامۆستایانەوە.<br>-دانانی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | ٣٥٠مامۆستا |
| نموونەی توێژینەوە | ٢٠٠مامۆستا |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی راپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | هاوکێشەی پێرسۆن و ناوەندە شیاو |
| گرنگرین دەرئەنجامی توێژینەوە | -پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لە کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەیی بەرێژەی (٨١%) بەردەست بوون.<br>-کتێبی جوگرافیای سروشتی پۆلی پێنجەمی وێژەیی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر بۆ هەر بواریك بەم شێوەیە بوو(بواری ئامانجەکان ٤٣%) (بواری ناوەرۆك ٨٨%) (بواری چالاکی ٧٨%) (بواری زمانی کتێب ٧٨%) (بواری شێوەکانی کتێب ٩٣%) (بواری هەڵسەنگاندن ٧٦%) |

**خشتەی (٣)**

**توێژینەوەی دووەم**

| ناونیشانی توێ108ژینەوە | هەڵسەنگاندنی کتێب و پەیرەوی بابەتی جوگرافیای پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو |
|---|---|
| ناوی توێژەرو ساڵی توێژینەوە | التمیمی : عیراق ، ٢٠١٠ |
| ئامانجی توێژینەوە | هەڵسەنگاندنی کتێبەکە و بنەماکانی جوگرافیا و تەکنیکەکان(بەشەکان)بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەپێی پێوەرێکی تایبەت لەڕوانگەی مامۆستایانەوە |
| میتۆدی توێژینەوە | وەسفی |
| کۆمەڵگەی توێژینەوە | ٤١٥مامۆستا |
| نموونەی توێژینەوە | ٢٨١مامۆستا |
| ئامرازی توێژینەوە | فۆرمی ڕاپرسی |
| ئامرازی ئاماری توێژینەوە | هاوکێشەی پێرسۆن و ناوەندە شیاو |
| گرنگرین دەرئەنجامی توێژینەوە | - گرنگی بەچالاکی نەداوە ، بەهۆی نەبوونی ئەزموونی مامۆستا و خوێندکار بۆ مامەلەکردن لەگەڵیان.<br>- ناوەرۆکی بابەتە زانستیەکان وردبینی زانستی بووە و دوورە لەدووبارە بوونەوە.<br>کتێبەکە دوورە لەهەڵەی ڕێنووسی و نیشانەی خاڵبەندی بەباشی بەکارهاتووە. |

**شیکار و بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو**

لەمیانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا، بەراوردی ئەم توێژینەوەیە بەتوێژینەوەکانی پێشوو دەکرێت بەمەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی و لێکچوون و جیاوازی نێوانیان.

١ **-میتۆدی توێژینەوەکە:** سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی یان پەیرەو کردوە، هەروەك ئەم توێژینەوەیە کەهەمان میتۆدی هەیە.

**٢-لەڕووی ئامانجی توێژینەوەوە:** ئامانجیان جیاوازە، توێژینەوەکانی (التمیمی ، ٢٠١٠) و (علاوی ، ٢٠١٥) هەمان ئامانجیان هەیە ئەوەیش هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر لەروانگەی مامۆستایانەوە ، توێژینەوەی (خەلیفانی، ١٩٨٧)ش ئامانجی زانینی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەقۆناغی ناوەندی و پێشنیارەکانیان بۆ چارەسەرکردن ، ئەم توێژینەوەیی ئێستا هەمان ئامانجی توێژینەوەکانی پێشووی هەیە.

**٣-لەڕووی بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوەوە:** زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو لەڕووی ئامرازەوە هەمان ئامرازی هەیە، کەتەنها (ئامرازی شیکردنەوە)یان بەکارهێناوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیەش هەمان ئامرازی توێژینەوەکانی پێشووی بەکارهێناوە وەك (فۆرمی ڕاپرسی) بۆ پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.

**٤-لەڕووی نمونەی توێژینەوەوە :** توێژینەوەکان جیاواز بوون لەڕووی نموونەی توێژینەوەوە، کە توێژینەوەی (التمیمی ، ٢٠١٠)) (٢٨١) مامۆستا، توێژینەوەی (علاوی ، ٢٠١٥) (٢٠٠) مامۆستا، توێژینەوەی (خەلیفانی، ١٩٨٧) (١٢٠) مامۆستا بوو،ئەم توێژینەوەی ئیستا نموونەی توێژینەوەکەی (١٧٢) مامۆستا بوو .

**٥ لەڕووی ئامرزای ئاماری بەکارهاتووی توێژینەوەوە:** لەڕووی ئاماری توێژینەوە، توێژینەوەی ئیستا و توێژینەوەکانی پێشوو تارادەیەك نزیکن لەیەکترییەوە، جگە لەوی ئەم توێژینەوەی ئێستا (کێشی سەدی و one t-test, two t-test و هاوکۆلگەی ئەلفاکرونباخ ) تێدا بەکارهاتووە.

**سوود بینین لەتوێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەر لەچەند ڕوویەکەوە توانیویەتی سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت وەک-:

-1 هەستکردن بەهەبوونی کێشەی توێژینەوەکە و ڕادەی گرنگییەکەی بەمەبەستی کردنی بەتوێژێنەوەیەکی زانستی.

-2 توێژینەوەکانی پێشوو چوارەچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لەبابەتەکاندا سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بەتایبەتی لەچوارچێوەی تیۆریدا.

-3 بۆ زیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکە و شوێن پێ هەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لێبینراوە.

-4 سوودی لەزانیارییە ڕێکارییەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، لە چۆنییەتی ڕاڤەکردنی داتا و زانیارییەکان و هاوکێشە ئامارییەکانی بینیوە.

5- لەئامادەکردنی ئامڕازەکانی توێژینەوەکە و چۆنییەتی دەرهێنانی ڕاستیی و جێگیریی ئامڕازەکاندا، سوودی وەرگرتوون.

## بەشی سێیەم
## ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

### ٣-١. میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (وەسفی) یە ، بۆ (هەڵسەنگاندنی پەرتوکی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەیەکانی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی) لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت ئەم میتۆدە بەکاربهێنرێت. ئەم جۆرە میتۆدە لە بڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە، کە بەکاردەهێنرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنووکەیی دیاردەیەکی دیاریکراو .

### ٣-٢. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە مامۆستایانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی ( 2023-2024) ، ژمارەی ئەومامۆستایانەی (٢٠٧) هەردووڕەگەز .نێر ومێ .وەك لە خشتەی ژمارە (4) رون کراوەتەوە .

**خشتەی ( 4)**
**کۆمەڵگەی توێژینەوە**

| ژ | کۆمەڵگەی توێژینەوە | ژمارەی مامۆستا | | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | مامۆستا | نێر | ٩٧ | ٢٠٧ |
| | | مێ | ١١٠ | |

### ٣-٣. نمونەی توێژینەوە

توێژەر لە دوای گەڕان و بەدواداچوونی بە توێژینەوەکانی پێشوودا و کتێبەکانی میتۆدی زانستی و ڕاوێژکردن بە پسپۆڕ و شارەزایان توانی ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکەی دیاری بکات، سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراوە، کە بریتییە لە(١٧٢) مامۆستا (٩٧)مامۆستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و (٧٥)مامۆستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا پارێزگای سلێمانی، بۆ پێوەری هەڵسەنگاندنی پەرتوکی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی (٩) بنەڕەتی.

**خشتەی ژمارە(5)**
**نمونەی توێژینەوەکە**

| | ڕەگەز | | پەروەردە | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | ڕۆژهەڵات | ڕۆژئاوا | |
| مامۆستا | ٨٠ | ٩٢ | ٩٢ | ٨٠ | ١٧٢ |

### ٣-٤. ئامرازی توێژینەوەکە

ئەم بڕگەیە یەکێکە لە پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت.

فۆڕمی ڕاوەرگری بۆ پێوەری کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان

لە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی توێژەردا بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوودا بۆ گۆڕاوی (کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان) توێژەر سوودی لە چەند سەرچاوەیەکی زمانی کوردی وەرگرتووە لە ئامادەکردنی پێوەرەکەدا، بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە توێژەر بە توێژینەوەکانی پێشووتردا چووەوە، کە پەیوەندیان بە گۆڕاوی (کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان )وە هەیە، دواتر سوودی لە پێوانەی (زانا) و (ئاسۆ) وەرگرت، لە کۆی سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانە توێژەر توانی (55) بڕگە دابڕێژێتەوە بە شێوەیەک، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئامانج و سنووری توێژینەوەکەدا، دواتر بۆ گونجاندنی پێوانەکە لەگەڵ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە چەند هەنگاوێک ئەنجام درا وەک:

**دارشتنەوەی برگەکان**

توێژەر بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوانەکەی گەڕایەوە بۆتوێژینەوەکانی پێشووتر و توانی سوود لەدوو توێژینەوەی پێشووتر وەربگرێت، کەبریتیی بوون لە توێژینەوەکانی ( زانا) و (ئاسۆ) بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکە.

**ڕاستگۆی ڕواڵەت**

مەبەست لە ڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە، ئایا ئامرازەکە لە ڕووکەش و ڕواڵەتدا تاچەند دیاردەکە دەپێوێت، بۆ ئەو مەبەستە برگە و پرسیارەکان نیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزای بوارەکە دەدرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەر یەکە بە یەکەی دەربڕن، بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست(١٥)شارەزا و پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی پەروەردەیی)، هەروەك لەپاشکۆی (١)ڕوونکراوەتەوە، داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەربڕن و هەر گۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن دوای کۆکردنەوەی فۆڕمەکان،بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە، کە ڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان، یاخود لابردنیان(٨٩%)بوو،بەم شێوەیەلە کۆی(55 )برگە سەرجەمیان مانەوە سەرباری بوونی هەندێک تێبینی و چاککردنیان لەلایەن توێژەرەوە و ڕاستی گشتی فۆرمی ڕاوەرگری کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان (٩٣%) بوو.

**جێگیری**

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکار هێنا وەك:-

**یەکەم:ڕێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە**

لەم ڕێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە، دوو جار بەسەر هەمان سامپڵدا جێبەجێ دەکرێتەوە بەمەرجێك ماوەی زەمەنیان لە(١٤)ڕۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت ڕادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات، جێگیری پێوانەکە بەشێواز( (Test-retest)، بۆجاری یەکەم لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/٩/١٢ ) پێوانەکە بەسەر (٢٥) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، پێك هاتبوون لەڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٧) ڕۆژ لەڕێکەوتی (٢٠٢٣/٩/٢٩) دووبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە، دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم و دووەم لەڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن(person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم بریتیە لە(0.٩٢٣ )ئەممەش پەیوەندییەکی بەهێزە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێگیری پێوانەکە بەرزە. هەروەك لە خشتەی(٦ )ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٦)**

**هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوانەی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان**

| جێبەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 166.9600 | 2.77609 | 0.9٢٣ |
| دووەم | 166.5200 | 2.81543 | |

### دووەم: ڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ

توێژەر جێگیری پێوانەکەی بەڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ دەرهێنا، کەیەکێکە لەڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاندنی ناوەکی، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر(٣٠) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دەرکەوت،ڕێژەی جێگیری پێوانەکە بریتییە لە(٠,٩١) ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

### جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی

دوای دڵنیابوونی توێژەر لە ڕاستی و جێگیری ئامرازەکەی فۆرمی ڕاپرسییەکەی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەیدا بە شێوەی کۆتایی دابەشکرد، کە پێک هاتبوو لە (١٧٢) مامۆستا لە ڕەگەزی نێر و مێ لە مامۆستایانی سەر بە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی بۆ پێوەری کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەبەرواری (٢٠٢٣/٩/١٥ ) ، دوای پێدانی ڕوونکردنەوە لەلایەن توێژەوە دەربارەی توێژینەوەکە داوای لە مامۆستایان کرد بە وردی و ڕوونی وەڵامی گشت بڕگەکان بدەنەوە، دواتر سەرجەم فۆرمی ڕاپرسیەکانی کۆکردەوە، ئەنجامدانەکە لەبەرواری ( ٢٠٢٣/١٠/٤ )کۆتایی پێهات.

### ئامرازە ئامارییەکان:

سوود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(25) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئاماریانەی خوارەوە:

**1-تاقیکردنەوەی (t) بۆیەك نموونە (One Sample T-Test).**

$$T.test = \frac{x - M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

**2- تاقیکردنەوەی (t) تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست ( Independent Sample T-Test)**

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1} + \frac{1}{n_2}\right)}}$$

**4- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)**

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\!\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\!\right] * \left[\!\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\!\right]}}$$

**5- ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach's)**

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\, S_i^2}{S_t^2}\right)$$

**(علام، ٢٠٠٦ : 289)**

## بەشی چوارەم
## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### ٤-١. ئامانجی توێژینەوەکە :

ئەم بەشە، خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو ئەنجامانەیە، کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە و لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکان ڕاڤەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر لە کاتی شیکردنەوەکەدا ئەم هەنگاوانەی پێڕەوکردووە.

١-زانینی ئاستی پەرتوکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە لە پارێزگای سلێمانیدا بەشێوەیەکی گشتی.

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ یەک نموونە بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS)، لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی (t) هەژمارەکراو (٣٤,٥٩٧) گەورەترە لە نرخی (t) خشتەیی (1.96)، بە نمرەی ئازادی (١٧١) و ناوەندە شیاوی (١٤٩،١٤٥٣) و لادانی پێوەری (١١,٠٤٨٣٧) و لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) هەروەک لە خشتەی (٧) ڕوونکراوەتەوە، واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی بەرزدایە لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی ( یەک نموونە ) بە شێوەیەکی گشتی**

| سالی ٢٠١٨ | نموونە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەلگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| | 172 | 149.1 | 11.04 | ١٧١ | ٣٤,٥٩ | ١,٩٦ | بەلگەدارە |

وەک لە خشتەی (٧) دا دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی بەهای (t)هەژمارکراو (٣٤,٥٩٧) گەورەترە لە بەهای (1.96) خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت کە ئاستی پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی بەرزدایە لای مامۆستایانی بابەتەکە (نموونەی توێژینەوەکە) بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە، توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی تاکانی نموونەی توێژینەوە خاوەنداریتی ئاراستەیەکی پوزەتیف دەکەن بەرامبەر پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان ، بۆیە بەبۆچوونی مامۆستایانی بابەتەکە پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەڕووی

ئامانج و روشنبیری و پەروەردە و فێنێرکردن و فێربوون و دارشتن و ناوەرۆك و پەیوەندی دار بەپەرتووکی خوێندنەوە گونجاون و باشن و پێویستە مامۆستایان و پسپۆرانی بواری پەروەردە زیاتر گرنگی پێ بدەن. ، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی(مجید: ٢٠٢٣)

٢-زانینی ئاستی پەرتوکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە، بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی (نێر و مێ).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لای مامۆستایان لەسەر پێوەری پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٠٦٤) بەنمرەی ئازادی (١٧٠)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، وەک لەخشتەی ژمارە(٨) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٨ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) (دوو نموونە) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ).**

| ڕەگەزی منداڵ | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| مێ | 92 | 149.19 | 11.33 | ١٧٠ | ٠,٠٦٤ | 1.96 | بەڵگەدار نییە |
| نێر | 80 | 149.085 | 10.78 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٨) دا دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە بۆ پێوەری پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەر پێی وایە بەشێک لەهۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرەوپێشچوون و ئاستی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دەربارەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەبێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا بە پێی ڕەگەز، بەڵکو ڕەخساندنی هەمان ژینگە و پەروەردە و ماف و پێویستی و گرنگیپێدان و دەرفەتی خوێندن و ئەزموونکردن، کە لە پێشتردا و بە پێی تێڕوانینە باوەکان زیاتر سەربەخۆیی دەدرا بە ڕەگەزی نێر، بەڵام لە ڕێگەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەوە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی، کە لە ئێستادا ڕەگەز کاریگەری نییە لە پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان ، کەواتە ڕەگەزی تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر پێوەری ڕەفتاری سەربەخۆیی، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی.(مجید: ٢٠٢٣)

٣-بەپێی گۆڕاوی پەروەردە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

بۆ زانینی ئەم جیاوازییە توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆ نمرەکانی پەروەردەی(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لای مامۆستایانی بابەتەکە لەسەر پێوەری پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان دەرهێنا، پاشان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی (T-test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بەپشت بەستن بەبەرنامەی ئاماری (SPSS)، دەرکەوت نرخی بەهای( t )ی هەژمارکراو یەکسانە بە (٠,٤٧٨) بەنمرەی ئازادی (١٧٠)، لەسەر ئاستی بەڵگەداری (0.05)، **وەک لەخشتەی ژمارە(٩ ) خراوەتەڕوو.**

**خشتەی (٩ )**

| بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازادی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ڕۆژئاوا | 92 | 149.5 | 10.59 | ١٧٠ | ٠,٤٧٨ | 1.96 | بەڵگەدارنییە |
| ڕۆژهەڵات | ٨٠ | 148.7 | 11.59 | | | | |

وەک لەخشتەی ژمارە (٩ ) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە (٠,٤٧٨)، بەهای (t) خشتەیی یەکسانە(1.96) و نمرەی ئازاد یەکسانە بە(١٧٠) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دایە، لەبەرئەوەی بەهای (t) هەژمارکراو بچوکترە لەبەهای خشتەیی، بەم جۆرەش دەردەکەوێت، کە جیاوازی بەڵگەداری نییە لەنێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی مامۆستایان بۆ پێوەری پەرتووکی کارامە وبەها کۆمەڵایەتیەکان بە پێی گۆڕاوی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، بە ڕای توێژەر هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی پەروەردەرکردن و بیرکردنەوەی خێزانەکان و دامەزراوە فێرکارییە فەرمییەکان لە سەرجەم ناوچە و گەڕەکەکانی شاردا. هەروەها دەبینین جیاوازی شوێنی نیشتەجێبوون و جیاوازی نێوان پەروەردەکان و قوتابخانەکان و خێزانەکان نەبوتە هۆی دروستکردنی جیاوازی لە بوونی پەرتووکی کارامە وبەها کۆمەڵایەتیەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە.

٤ -هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێوەری پەرتوکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەپێی ناوەندە شیاو و کێشی سەدی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.

تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی سەرجەم تەوەرەکان:

بۆدەرهێنانی تێکڕای ناوەندی گشتی سەرجەم تەوەرەکان بۆ پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان، کە تێکڕای ناوەندی شیاوی هەرتەوەرێك دیاریکرێت لە تێڕوانینی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایانەوە بۆ سەرجەم تەوەرەکانی فۆرمەکە کەهەشت تەوەرەی لەخۆگرتووە، وەك لە خشتەی( ١٠ ) خراوەتەڕوو-:

**خشتەی( ١٠)**
**ناوەندی شیاو و تێکرای گشتی سەرجەم تەوەرەکان لە تێڕوانینی مامۆستایان**

| ژ | تەوەرەکان | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئامانجەکان فێرکردن | 2.2471 | 74.901 |
| ٢ | پێشەکی کتێبەکە: | 2.0040 | 66.798 |
| ٣ | ناوەڕۆك | 2.1312 | 71.038 |
| ٤ | چالاکیەکان | 2.1025 | 70.078 |
| ٥ | ئامرازەکانی( هۆیەکانی) فێرکردن | 2.146 | 71.555 |
| ٦ | هەڵسەنگاندن(پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان) | 2.075 | 69.161 |
| ٧ | تاچ ئاستێك ئەو زمانەی بابەتەکەی پێنوسراوە | 2.01625 | 67.205 |
| ٨ | کاری هونەری کتێبەکە | 2.0785 | 69.425 |
| | تێکرا | 2.100 | 70.020 |

وەك لەخشتەی (١٠)وە ڕووندەبێتەوە کە گونجاندن هەیە لە تێڕوانینی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان بۆ پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەلایەتیەکان بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، کە بەشێوەیەکی گشتی بەهێزن ، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی بۆسەرجەم تەوەرەکان لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بۆ پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەلایەتیەکان بۆ پۆلی نویەمی بنەڕەتی بەپێ ڕیزبەندیان بەپێ ناوەندە شیاو و کێشی سەدی، دەگەیشتە (2.100)،( 70.020 ).

دەکرێت هۆکاری بەهێزی پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەلایەتیەکان بۆ پۆلی نویەمی بنەڕەتیدا بگەرێنینەوە بۆ پەیڕەو کردنی شێوازی زانستی لە دانانی کتێبەکاندا، هەروەها بە سەرجەم ئەو قۆناغانەدا تێپەڕبووە، کە ئەدەبیاتی پەروەردەیی جەختی لەسەر دەکاتەوە پێش ئەوەی بکات بەدەستی مامۆستاو خوێندکار، دەشێت هۆکارێکی تری زۆری پسپۆڕی دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ئەزموونی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بەدانانی ئەم کتێبانە بێت، هەروەها بەشداکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە پێویستە لەدانانی کتێبەکەدا بەشداربن لەوانەش پسپۆڕی تایبەتی بابەتەکە، پسپۆڕی شێوازی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و دەروونزانی و زمانەوانەی و هونەرییەکان، هەروەها بوونی توێژینەوە لەسەر ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەم بوارەدا.

بۆ دەرهێنانی تێکڕای ناوەندی شیاوی هەر تەوەرەیەك دەبێت ناوەندی شیاوی هەر بڕگەیەك لەبڕگەکانی تەوەرەکە ئەژمار بکرێت لە تێڕوانینی مامۆستایانەوە بەشێوەیەکی جیاکراوەیی بۆ هەرتەوەرێك بەم شێوەیەی خوارەوە

## ١-تەوەری یەکەم: ئامانجەکان فێرکردن

**خشتەی (١١)**
**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی ئامانجەکان فێرکردن**

| پلە | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ئاستەکانی زانیاری لەخۆگرتوە (وەك:ناسینەوە، تێگەشتن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن | 2.29 | 76.33 |
| ٢ | ٣ | لێهاتویی و کارامەیی خویندکاران لەبەرچاوگرتووە | 2.29 | 76.33 |
| ٣ | ٥ | دەتوانێت خوێندکارێکی رۆشنبیر ئامادەبکات کە ئاشنابێت بە مێژووی نەتەوەکەی | 2.28 | 76 |
| ٤ | ٦ | زانیاریەکانی ناوپەرتووکەکە بەوردی دارێژراون | 2.28 | 76 |
| ٥ | ١ | گوزارشت لە پێداویستیەکانی خوێندکاران دەکات | 2.24 | 74.66 |
| ٦ | ٧ | گونجاون لەگەڵ ئاستی زانستی وتواناکانی خوێندکاردا | 2.21 | 73.66 |
| ٧ | ٤ | هانی خوێندکار دەدات کە ڕێز لەبەهاکانی کۆمەڵگەکەی بگرێت | 2.14 | 71.33 |
| | | تێکرا | 2.2471 | 74.901 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی ( ١١)خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.2471) (74.901)، ئەمەش دەریدەخات کە ئامانجەکانی پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزن بەپێی ئەو پێوەرەی توێژینەوەکەی لەسەر بنیات نراوە، ئەمەش مانای وایە کە ئامانجەکان ڕون ودیاریکراون و شیاوی جێبەجێکردن.هەروەها ئامانجەکان بایەخیان داوە بە هەموو لایەنەکان وتەنها جەخت لەسەر لایەنێکی ژیانی خوێندکار ناکات،بەڵکو لایەنەکانی دیکە بایەخ پێی دەدات، ئامانجەکان کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی خوێندکار لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ژیری و جەستەیی و ویژدانیەوە. هەورەها ئاستەکانی زانیاری لەخۆگرتوە (وەك:ناسینەوە، تێگەشتن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن) و جگە لەوە هانی خوێندکار دەدات، کە ڕێز لەبەهاکانی کۆمەڵگەکەی بگرێت.

## ٢-تەوەری دووەم: پێشەکی کتێبەکە:

**خشتەی (١٢)**
**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی پێشەکی کتێبەکە**

| پلە | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 1 | گرنگی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەلایەتی لەم قۆناغەدا بۆ مامۆستا و خویندکار دەردەخات | 2.22 | 74 |
| ٢ | 2 | شێوازی دواندنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مامۆستا و خوێندکاردا پەیرەو کردوە | 2.05 | 68.33 |
| ٣ | 4 | دەبێتە هۆی وروژاندنی خوێندکار وهاندانی بۆ زیاتر فێربوون | 2.03 | 67.66 |
| ٤ | 5 | ڕێنمایی لەخۆ گرتووە بۆ مامۆستا لە چۆنیەتی وتنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە | 1.92 | 64 |
| ٥ | 3 | ئاماژەی کردووە بەئامانجە گشتیەکانی فێرکردن کەپێویستە بابەتی خوێندراو بەدیبهێنێت | 1.8 | 60 |
| | | تێکرا | 2.004 | 66.798 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی ( ١٢)خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.0040) (66.798) ئەمەش دەریدەخات کەپێشەکی پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزن جگە لەبڕگەکانی (٥-٣) کەلەئاستێکی لاواز دایە مەرجەکانی پێشەکی کتێبی تێدا جێبەجێ نەکراوە.

واتە پێشەکی کتێبەکە، گرنگی خوێندنی پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان لەم قۆناغەدا، بۆ مامۆستا و خوێندکار دەردەخات، شێوازی دواندنی ڕاستەوخۆی

لەگەڵ مامۆستا و خوێندکاردا پەیڕەو کردووە، ئاماژەی کردووە بەئامانجە گشتیەکانی فێرکردن، کەپێویستە بابەتی خوێندراو بەدیهێنێت، دەبێتە هۆی وروژاندنی خوێندکار و هاندانی بۆ فێربوون، ڕێنمایی لەخۆنەگرتووە بۆ مامۆستا لە چۆنیەتی وتنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە، باس لە ڕاهێنان و چالاکییەکان دەکات، ئاماژەی کردووە بە سەرچاوەکانی بابەت و بەشەکانی ناوەڕۆکی کتێبەکە بەمەبەستی سوود لێوەر گرتن. توێژەر وایدەبینێت هۆکاری ئەم بەهێزی پێشەکی بگەڕێنێتەوە بۆ دانەرانی کتێبەکە، چونکە پسپۆڕی بوارەکانی پرۆگرام و دانانی کتێبن و زانیارییان لە بواری چۆنیەتی دارشتنی پێشەکی کتێبدا زۆرە، لەبەر ئەوەدەبینین مەرجەکانی پێشەکی کتێبی تێدا جێبەجێکراوە.

## ٣ -تەوەری سێهەم: ناوەڕۆك: تاچ ئاستێك ناوەرۆکی کتێبەکە

**خشتەی (١٣)**

**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی ناوەرۆکی کتێبەکە**

| پلە | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 8 | زانیاریەکانی پێشوتر ودواتری خوێندکار لەهەمان بابەتدا لەبەرچاو گرتووە. | 2.31 | 77 |
| ٢ | 6 | بەستراوەتەوە بەو ژینگەیەی خوێندکاری تێدادەژی. | 2.28 | 76 |
| ٣ | 4 | حەزو ئارەزووی خویندکار بەلای بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەلایەتی ڕادەکێشێت | 2.21 | 73.66 |
| ٤ | 3 | گرنگی داوە بەدەستهێنانی بۆچونە زانستیەکان لای خویندکار. | 2.15 | 71.66 |
| ٥ | 7 | گرنگی داوە بە کێشە و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە. | 2.08 | 69.33 |
| ٦ | 2 | کارامەیی و لێهاتویی فێری خوێندکار دەکات. | 2.07 | 69 |
| ٧ | 5 | بابەتەکانی شیاون بۆئەم قۆناغەی خوێندن. | 2.03 | 67.66 |
| ٨ | 1 | کار لەسەرجێبەکردنی ئامانجە فێرکاریەکان دەکات. | 1.92 | 64 |
| | | تێکڕا | 2.1312 | 71.038 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی ( ١٣ )خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.1312) (71.038) ئەمەش دەریدەخات کەناوەرۆکی پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزەن جگە لەبڕگەی (١) کەلەئاستێکی لاواز دایە کەپلەی کۆتایی گرتووە.

ئەنجامەکان ڕازی بوونی مامۆستایان لەسەر ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، بەشەکانی پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترین، کارامەیی و لێهاتویی فێری خوێندکار دەکات، گرنگی داوە بەبەدەستهێنانی بۆچوونە زانستییەکان لای خوێندکار، حەزو ئارەزووی خوێندکار بەلای بابەتی مێژوودا ڕادەکێشێت، گرنگی داوە بەدەستهێنانی بۆچونە زانستیەکان لای خویندکار، ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی کردووە، بەستراوەتەوە بەو ژینگەیەی خوێندکاری تێدادەژی، هەروەها کارامەیی و لێهاتویی فێری خوێندکار دەکات، زانیارییەکانی پێشوو و دواتری خوێندکاری لەهەمان بابەت لەبەرچاوگرتووە، بابەتەکانی شیاون بۆئەم قۆناغەی خوێندن. تەنها کار لەسەرجێبەکردنی ئامانجە فێرکاریەکان ناکات. توێژەر هۆکاری ئەم بەهێزیەیە دەگێرێتەوە بۆ شارەزای دانەرانی کتێبەکە لەبواری ئامادەکردن و دانانی پرۆگرامدا.

## ٤-تەوەری چوارەم : چالاکیەکان( نوسینی راپۆرت، دروستکردنی پەخشی سەر دیوار، گفتوگۆکردن ، سەردانی مۆزەخانە)

**خشتەی (١٤)**

**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی چالاکیەکان**

| پلە | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 3 | لەچوارچێوەی توانای بەردەست و ژینگەی خوێندکاردا جێبەجێ دەکرێن | 2.15 | 71.66 |
| ٢ | 5 | توانای تێگەیشتنی خوێندکار بۆ زانیاریەکان زیاتردەکەن | 2.15 | 71.66 |
| ٣ | 8 | دەبێتە هۆی زیاتر کارامەبوونی خوندکار لەبواری کۆمەلایەتیەکاندا. | 2.14 | 71.33 |
| ٤ | 1 | وا لە خوێندکار دەکات کە خودی خۆی هەوڵی بەدواچوون بدات. | 2.12 | 70.66 |
| ٥ | 6 | گیانی هاوکاری لەنێوان خوێدکاراندا بەهێز دەکات. | 2.12 | 70.66 |
| ٦ | 4 | لەڕوی لۆژیکی وسایکۆلۆژیەوە ریزبەندییان تێدایە (ئاسان بۆ گران) | 2.08 | 69.33 |
| ٧ | 2 | دەگونجێن لەگەڵ تواناکانی خوێندکار و زانیاریەکانی دا | 2.05 | 68.33 |
| ٨ | 7 | گرنگی بەلایەنی ویژدانی(بۆچوون ، بەهاکان) خوێندکار دەدات. | 2.01 | 67 |
| | | تێکڕا | 2.1025 | 70.078 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی ( ١٤ )خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.1025) (70.078) ئەمەش دەریدەخات کەناوەرۆکی پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزەن.

لەبەر ئەوەی ئەو لیژنانەی پێکهێنراون بۆ دانانی ئەم پەرتووکە, کەسانی پسپۆڕ بوون و زانیارییان زۆرە لە گرنگی چالاکییەکان لە کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها چالاکییەکان بەشداری دەکات لە دەوڵەمەندکردن وباشتر تێگەیشتن و قوڵبونەوەی خوێندکاران بۆ ئەو زانیاریانەی پێیدەدرێت، هەلی بۆ دەڕەخسێنێت کە زانیاریەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکانەوە دەستبکەوێت وەك ڕۆژنامە و کتێب و مۆزەخانە و گەشتی زانستی..هتد. هەروەها کۆمەڵێك لە لێهاتوویی گەشەپێدەدات کەناکرێت تەنها لەڕێگەی کتێبەکەوە بکرێت, بەڵکو لەڕێگەی نووسینی توێژینەوەی کورت و ڕاپۆرت و گفتوگۆکردن و بەستنی کۆڕ و دراما و پێشەنگا...هتد ەوە دەکرێت، لەبەڕۆشنایی ئەمانەدا خوێندکار فێری پلاندانان و بەڕێوەبردن و ڕێکخستن دەبێت و گیانی هاوکاری و هەرەوەزی و پەیوەندی و تێکەڵبوون لە نێوان خوێندکاران خۆیان و لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان بەدەست دەهێنێت. هەر لەم ڕووەوە ئاماژەکراوە بۆ ئەوەی کەچالاکییەکان دەبێت لەگەڵ ئاستی خوێندکار و سروشتی بابەتەکە و تواناکانی بەردەستی دا گونجاوبێت

**٥-تەوەری پێنجەم : ئامرازەکانی( هۆیەکانی) فێرکردن : (وێنەو نەخشەو هێلکاری ناو کتێبەکە )**

**خشتەی (١٥)**

**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی ئامرازەکانی( هۆیەکانی) فێرکردن**

| پلە | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 4 | بەشێوازی ڕەنگاوڕەنگ خراونەتە ڕوو. | 2.31 | 77 |
| ٢ | 5 | شێوازی ڕوون وئاشکرایان هەیە. | 2.28 | 76 |
| ٣ | 6 | دابەشکردنێکی گونجاو ویان بۆ کراوە. | 2.28 | 76 |
| ٤ | 2 | بەپێی پێویست نەخشە بەکارهێنراوە | 2.07 | 69 |
| ٥ | 3 | بەپێی پێویست هێلکاری بەکارهێنراوە | 2.05 | 68.33 |
| ٦ | 1 | بەپێی پێویست وێنە بەکارهێنراوە | 1.89 | 63 |
| | | تێکڕا | 2.146 | 71.555 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی (١٥ )خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.146) (71.555) ئەمەش دەریدەخات کە ئامرازەکانی( هۆیەکانی) فێرکردنی پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزەن جگە لەبڕگەی (١) کەلەئاستێکی لاواز دایە کەپلەی کۆتایی گرتووە.

هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ بەگرنگ وەرگرتنی ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە لە کتێبەکەدا، ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بابەتەکە ئاسان و سەرەنج و حەزی خوێندکار ڕابکێشێت و وروژاندن و هاندان بۆ فێربوون دروست بکات. بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن دەبێتە هۆی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خوێندنی بابەتی کارامەیی وبەها کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها مانەوەی زانیارییەکان لەبیروهۆشدا بەهێزدەکات و درەنگتر لەبیردەچنەوە. سەرەڕای ئەوەی خوێندکار لەم ڕێگەیەوە فێری لێهاتووی نەخشەکێشان دەبێت، کە یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی خوێندنی مێژوو، کتێبی خوێندنگەی باش هۆیەکانی ڕوونکردنەوە لەخۆدەگرێت وەك( وێنە، نەخشە، نیگار...) کە دانراوە بۆ فێرکردن، ئەوەش زانراوە کە هۆیەکانی ڕوونکردنەوە مەبەستە خواستراوەکان بەدیدەهێنێت لەکاتێکدا لە شوێنی شیاودا دابنرێت و ڕوون و سەرەنج ڕاکێش بێت.

**٦-تەوەری شەشەم : هەڵسەنگاندن(پرسیارەکانی کۆتایی بەشەکان)**

**خشتەی(١٦)**

**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی هەڵسەنگاندن**

| پلە | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 2 | بەپێی گرنگی بابەتەکانی بەشەکە پرسیارەکان دابەشکراون(گشتگیرن.) | 2.26 | 75.33 |
| ٢ | 1 | بیرکردنەوەی خوێندکار دەوروژێنێت و زیاتر چالاکی دەکات. | 2.21 | 73.66 |
| ٣ | 3 | لەڕێگایانەوە زانیاری ولێهاتویی خوێندکار هەڵدەسەنگێنرێت. | 2.12 | 70.66 |
| ٤ | 5 | پرسیارەکان لەڕووی چەندێتییەوەچونیەتیوە بەپێی پێویستە. | ٢,٠٠١ | ٦,٦٦٩ |
| ٥ | 4 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی نێوان خوێندکاران دەکات. | ٢ | 66.66 |
| ٦ | 6 | وایان لەخوێندکار کردوە ڕوو لە کتێبخانەکان بکات. | 1.92 | 64 |
| | | تێکڕا | 2.075 | 69.161 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی ( ١٦ )خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.075) (69.161) ئەمەش دەریدەخات کە هەڵسەنگاندن پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزەن جگە لەبڕگەی (٦) کەلەئاستێکی لاواز دایە کەپلەی کۆتایی گرتووە.

ئەنجامەکان دەریدەخەن, کە پرسیارەکان بیرکردنەوەی خوێندکار دەوروژێنێت و گشتگیر و جۆراوجۆرن، هەروەها لەڕێگەیەوە زانیارییەکانی خوێندکار دەپێورێت و ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی کردووە و توانا جیاوازەکانی ژێری دەگرێتەوە، هەروەها لەگەڵ ئاستی خوێندکاردا دەگونجێت و لەڕووی چەندێتییەوە بەپێی پێویست ، جگەلەوی نابنە هۆکارێك بۆئەوەی خوێندکار ڕوو لە کتێبخانەکان بکات. لەگەڵ ئەوەی مامۆستایان بۆچوونیان وایە ئامانجەکان دەگونجێت و بیرکردنەوە دەوروژێنێت و گشتگیرن و دەبنەهۆکاری دووبارەبەسەردا چوونەوەی زانیارییەکان ، هۆکاری ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی دانانی کتێبەکە، وەك پێویست ئەم لایەنە لەبەرچاو گیراوە.

**٧-تەوەری حەوتەم : تاچ ئاستێك ئەو زمانەی بابەتەکەی پێنوسراوە:**

**خشتەی (١٧)**

**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی زمانەی بابەتەکەی پێنوسراوە**

| پلە | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 6 | پاکە لە هەڵەی ڕێنوسی | 2.1 | 70 |
| ٢ | 7 | زانیاریەکانی چڕ و پڕن | 2.07 | 69 |
| ٣ | 8 | وشەکانی ڕوون و ئاسانە | 2.07 | 69 |
| ٤ | 2 | ڕەوانی لەدەربڕینەکانیدا هەیە | 2.03 | 67.66 |
| ٥ | 3 | لەئاستی دەسکەوتی زمانەوانی خوێندکاردایە | 2.03 | 67.66 |
| ٦ | 4 | نیشانەکانی خاڵبەندی بە ڕاست و ووردی تێدابەکارهێنراوە | 2.03 | 67.66 |
| ٧ | 5 | دوورە لەهەڵەی ڕێزمانیەوە | 2 | 66.66 |
| ٨ | 1 | زاراوەی زانستی مێژوویی تێدا بەکارهێنراوە | 1.8 | 60 |
| | | تێکڕا | 2.01625 | 67.205 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی ( ١٧ )خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.01625) (67.205) ئەمەش دەریدەخات کە زمانی نوسینی پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزەن جگە لەبڕگەی (١) کەلەئاستێکی لاواز دایە کەپلەی کۆتایی گرتووە.

ئەنجامەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن, کە مامۆستایان ڕەزامەندن لەسەر بڕگەکانی ئەم تەوەرە و پێیان وایە کە نیشانەکانی خاڵبەندی بەوردی بەکارهێنراوە, هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسی تێدانییە هەروەها سەرەنج ڕاکێشن, زانیاریەکانی چڕوپڕن، تەنها زاراوەی زانستی مێژوویی تێدابەکارنەهێنراوە، لەگەڵ ئەمەشدا مامۆستایان وایدەبینن کە وشەکانی روون و ئاسانە و ڕەوانی لەدەربڕیندا بەهێزە و لەئاستی دەسکەوتی زمانەوانی خوێندکاردایە، هۆکاری ئەم بەهێزیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زمانێکی (ڕێزمان و ڕێنووس) ستانداردی کوردی, هەروەها دانەرانی کتێبەکە پەیوەست بوونە لە بەکارهێنانی یەك شێوازی ڕێنووسی کوردی. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار بەئاسانی لە خوێندنی بابەتەکان و تێگەیشتنی بۆ باسەکانی کتێبەکە زیاتر بێت.

**٨-تەوەری هەشتەم: کاری هونەری کتێبەکە:**

**خشتەی (١٨)**

**ناوەندە شیاو و کێشی سەدی کاری هونەری کتێبەکە**

| پله | ژ | بڕگە | ناوەندە شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | 8 | ژمارەی ڕستەکان گونجاوە بۆ هەر لاپەڕەیەك. | 2.38 | 79.33 |
| ٢ | 1 | بەرگی کتێبەکە تۆکمە و پتەوە. | 2.08 | 69.33 |
| ٣ | 2 | بەرگی کتێبەکە سەرنج ڕاکێشە. | 2.08 | 69.33 |
| ٤ | 4 | قەبارەی نوسینەکان لەبارە بۆ خوێندنەوە. | 2.05 | 69.33 |
| ٥ | 5 | کتێبەکە پاکە لەهەڵەی چاپکردن. | 2.03 | 67.66 |
| ٦ | 3 | ڕەنگ وجۆری پەڕەکانی کتێبەکە باشەو گونجاوە. | 2.01 | 67 |
| ٧ | 6 | ناونیشانە سەرەکی و لاوەکیەکان بە شێوازێکی گونجاو ڕێکخراون. | 1.92 | 64 |
| | | تێکرا | 2.0785 | 69.425 |

بەشێوەیەکی گشتی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر بەهێزی ئەم لایەنە وەك لەخشتەی (١٨ )خراوەتەڕوو، لەبەر ئەوەی تێکڕای گشتی ناوەندی شیاوی و کێشی سەدی بۆچوونی هەڵسەنگێنەرانەی مامۆستایان دەگەیشتە (2.0785) (69.425) ئەمەش دەریدەخات کە کاری هونەری پەرتووکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان پۆلی نۆیەم بەگشتی بەهێزەن جگە لەبڕگەی (٦) کەلەئاستێکی لاواز دایە کەپلەی کۆتایی گرتووە.

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدن کە بەرگ و پەڕەکان و جۆرەکەی و قەبارەی نووسینەکان باشن و هەڵەی چاپی زۆر کەم تێدایە و ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکانی کتێبەکە بەباشی ڕێکخراوە، قەبارەی کتێبەکە و ژمارەی ڕستەی پەڕەکان گونجاون و ژمارەی ڕستەکان گونجاوە بۆ هەر لاپەڕەیەك، هەروەها ڕەنگ وجۆری پەڕەکانی کتێبەکە باشەو گونجاوە. هەروەها قەبارەی نووسینەکان پێویستە گونجاوبێت لەگەڵ تەمەنی خوێندکار و ناونیشانی باسەکان ڕەنگاوڕەنگ بێت و جیاوازبێت لە ڕەنگی نووسینی دەقەکان، تەنها ناونیشانە سەرەکی و لاوەکیەکان بە شێوازێکی گونجاو ڕێك نەخراون.

**وەڵامی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١-ئاستی پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لای مامۆستایانی بە شێوەیەکی گشتی لەئاستێکی بەرز دایە.

٢-نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەئاستی پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لای مامۆستایانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ.)

٣ -نەبوونی جیاوازی بەلگەداری ئاماری لەئاستی پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان لای مامۆستایانی بەپێی گۆڕاوی پەروەردە(ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

٤ -سەرجەم تەوەرەکانی پەرتووکی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەڕوانگەی مامۆستایان بەهێزەن.

## راسپاردەکان

١-بایەخدان زیاتر بەلایەنی تەکنیکی پەرتووکەکە وەك جۆری بەرگ و وەرەق رەنگ وچاپکردن بۆ ئەوەی بەکوالیتیەکی بالا وسەرنج راکێش و چێژ بە خش بکاتە دەستی مامۆستایان وخوێندکاران.

٢ -لەگەڵ بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتیدا دەیان بەهای نوێ دێنە ئاراوەو دەبێت لەکاتی دانانی پرۆگرامدا بەهەند وەربگیرێ ت . بەتایبەتیش ئەو بەهایانەی کە ئەندێشەی منداڵ فراوان دەکەن وپرسیاری لەلا دەوروژێنن بۆیە بەشێوەی چیرۆکی خەیاڵی زانستی و حیکایەتی فۆلکلۆری ئەو مەبەستە بەباشی دەپێک ن. لەبەر ئەوەی لەم قۆناغەی تەمەنی منداڵدا گەشە دەکا ت.

٣–زیادکردنی مامۆستای پسپۆرو شارەزا لە بوارەکەدا .

## پێشنیار

١_ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەهەرێمی کوردستان.

٢_ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لەڕوانگەی سەرپەرشتیاران و پسپۆرانەوە.

٣ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ پەرتوکی کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی (١-٨) لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە.

## سەرچاوەکان

**بەزمانی کوردی:**

بابان ،ئەحمەد علی حمە(2022) :کارامەییە کۆمەڵایەتیەکان ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی چوارچرا،سلیمانی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پەروەردە ، لیژنەی باڵای کۆنگرە پەروەردەیی ، راپۆرتی کۆنگرەی پەروەردەی لە رۆژی 22-24/2007 ،هەولێر ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر..

سیوەیلی ، ئیدریس ( 2014 ) مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی.

قادر ، رەمەزان محمد أمین ( 2016 ) پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی

قەرەچەتانی ، کەریم شەریف ( 2008 ) سایکۆلۆجی پەروەردەیی , چاپخانەی پەیوەند, سلێمانی.

کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتیەکان ، 2019 , ڕێبەری مامۆستا ، چاپی یەکەم.

مامڵێس ،زانا عوسمان مەحمود (2009) :هەڵسەنگاندنی کتێبەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە تێروانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستان / عێراق .ماستەرنامەی بلاونەکراوە ، کۆلیجی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سلێمانی.

محمد، ئارام (2005): هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی مافی مرۆڤـ لە قۆناغەکانی خوێندندا، چاپخانەی ئازادی، سلێمانی.چوار چرا ، سلێمانی.
محمد، ئەحمد علی ئەلحاج(٢٠٠٨): فەلسەفەی پەروەردە، وەگێرانی : تەها محمد ئەمین قەرەداخی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی:**

أحمد ،عبدالكريم محمد (1999) :القيم التى ينبغى ان تتضمنها كتب القراءه والمحفوطات للوصف الثلاثه الوسطى من مرحله التعليم الاساسى فى جمهريه اليمنيه.
الجزار ، محمد ( 2008 ) القيم فى التشكيل السلوك الانسانى , مركز كاتب للنشر.
الجاغوب، محمد عبدالرحمان (2002): النهج التقويم فى محنه التعليم، جار الوائل للنشر، عمان.
الحيله، محمد محمود، (2007) : مهارات التدريس الصفى، دار المسيره للنشر والتوزيع،ط2،عمان.
الخوالده، محمد محمود (2004): أسس بناو المناهج التربويه وتصميم الكتاب التعليمى، دار المسيره، ط1، عمان
دبور, مرشد محمود وابراهيم ياسين الخصيب (2001): اساليب تدريس الاجتماعيات، دار الثقافه للنشر، عمان.
الزيتونى ،منى (2005) : أختلاط المراهقين فى التعليم وأثره على مهاراتهم الاجتماعيه . دار الكتاب الجامعى العين .القاهره / مصر.
الساموك، سعدون محمود وهدى على الشمرى، (2005): التقويم التعلم التربيه الاسلاميه، دار الوائل للنشر، ط1، عمان.
شحاته ، حسن وزينب نجار( 2003): 9 معجم المصطلحات التربيه ط 1 الجنادريه للنشروالتوزيع.
عوده، احمد سليمان (1993): القياس والتقويم فى العمليه التدريسيه، دار الامل للنشر، اربد.
علام، صلاح الدين محمود (٢٠٠٦): الاختبارات و المقايس التربويه والنفسيه، دار الفكر للطباعه والنشر، عمان.
الكبيسى, عبد الواحد (2007): القياس والتقويم، دار الجرير للنشر، ط1،عمان.
الهادى، عبدالله وماهر الدرابيع، (2004): القياس والتقويم النفسى والتربوى بين النضريه والتطبيق، مركز يزير للنشر، الكرك.

**پاشکۆی(١)**

**لیستی ناوی شارەزایانی هەڵسەنگێنەری فۆرمی ڕاوەرگری**

| ژ | ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سۆلاف فائق محمد | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەرەوەردەی بنەڕەت |
| 2 | سابیر بکر مصطفی | پرۆفیسۆر | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەرەوەردەی بنەڕەت |
| ٣ | عمر ابراهیم عزیز | پرۆفیسۆر | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر / کۆلێجی ئاداب |
| ٤ | کریم شریف قەرەچەتانی | پرۆفیسۆر | پێوانە و هەڵسەنگاندن | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەرەوەردەی بنەڕەت |
| ٥ | نظام عبدالجبار حسین | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پروەردەی بنەڕەت |
| ٦ | علی عبدالرحمان جمعە | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەروەردە |
| ٧ | مولود حمد نبي | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی دهۆك / کۆلێجی پەروەردە |
| 8 | زەردەشت محمد رووف | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەروەردەی وەرزش وزانستە وەرزشیەکان |
| 9 | کریم احمد عزیز | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە |
| 10 | عبدالصمد احمد محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەرەوەردەی بنەڕەت |
| 11 | سلوی احمد امین | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پێوانە وهەڵسەنگاندن | زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر / کۆلێجی پەروەردە |
| 12 | وفاء محمد حسینی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەروەردەی هونەر | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەرەوەردەی بنەڕەت |
| 13 | احمد علی بابان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەروەردەی کۆمەڵایەتی | زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی پەرەوەردەی بنەڕەت |